# فشاری کار لەنێو مامۆستایانی خوێندنگە ئامادەییەکانی ناو شارۆچکەی قەڵادزێ


م.ی. روخسار محمد عمر

زانکۆی ڕا پەرین



**پوختەی توێژینەوە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تاقیکردنەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان و گۆڕاوە پیشەییەکان لەلایەك و فشاری کار لە لایەکی ترەوە لە خوێندنگا ئامادەییەکانی ناو شارۆچکەی قەڵادزێ. ئەمەش بە بەکارهێنانی نموونەیەکی هەرەمەکی چینایەتی سادە کە پێکهاتووە لە (٩٦) مامۆستا. پرسیارنامەی ئەم توێژینەوەیە سێ بەش لە خۆ دەگرێت: (١) پێوانەی فشاری کار، (٢) گۆڕەوەکانی پیشەیی مامۆستایان ( قورسی کار، ململانێی ڕۆڵ، سروشتی کار،دڵنیایی پیشەیی)، (٣) گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان ( تەمەن، مووچەی مانگانە، ماوەی خزمەت) پاش بەکارهێنانی (**Multiple Linear Regression**) بۆ شیکردنەوەی داتاکان، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە پەیوەندیەکی پۆزەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان ( تەمەن، مووچەی مانگانە، ماوەی خزمەت) و فشاری کار و، لە هەموویان زیاتریش تەمەن کاریگەری لەسەر فشاری کار هەیە. هەروەها توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندییەکی پۆزەتیف هەیە لە نێوان گۆڕاوەکانی پیشە ( قورسی کار، ململانێی ڕۆڵ، سروشتی کار،دڵنیایی پیشەیی) وفشاری کار لای مامۆستایان و، لە کۆتاییدا دەرکەوت کە گۆڕاوەکانی پیشە کەمێك زیاتر کاریگەریان لەسەر فشاری کار هەیە وەك لە گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان بە شێوەیەك ڕێژەی جیاوای ڕاڤەکراو (نسبة التباين المفسرة **R-Square**) بۆ گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان (% 96) بوو. بەڵام بۆ گۆڕاوە (پیشەییەکان+ گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان) (99%) بوو. لە گرنگترین ڕاسپاردەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئیدارەی پەروەردە، هەندێك ڕێوشوێن بگرێتە بەر کە یارمەتی دەربێت بۆ کەمکردنەوەی ئاستی فشاری کار لای مامۆستایان وەك، پێدانی بەرپرسیارێتی دیاریکراو بە مامۆستا و بەخشینی زانیاری و سەرچاوەی پێویست بۆ ئەمە، ڕانەسپاردنی مامۆستا بە کارێك لەژێر سیاسەتی دژیەك، ڕەخساندنی چانسی بەرزبوونەوەو گەشەی وەزیفی و، هەروەها قەرەباڵغی پۆلەکانی خوێندن کەم بکرێتەوە.


**یەکەم: کێشەی توێژینەوە**

ئیدارەی ڕێکخراوە نوێیەکان گرنگیان بە شێوازو ڕێگاکانی هاندانی کارمەندان داوە، هەروەها گرنگیان بە وروژاندنی پاڵنەر و بەدەستیهێنانی ڕازیبوونی پیشەیی و، گەشەپێدانی هەستی وەلائی ڕێکخراوەیی داوە (العمری،١٩٩٨، ٢). بەدەست هێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراوە نایەتەدی تەنها بە بوونی هێزی کرێکاری پابەندو دڵسۆز نەبێت بۆ ئامانجەکانی ڕێکخراوە و، بەو کرێکارەی کە ڕازییە بە سیاسەتی ئیداری و، هەروەها هاوکارو دڵنیایە لە سەرکردایەتی کردنی ئیداری و، ڕازییە لە داهاتووی پیشەکەی (عبدالله الطجم وطلق السواط،١٩٩٥،٧٨) بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکە ئامانجەکانی بەدەست بهێنێ دەبێت خاوەن تاکی چالاك بێت و ئاڕاستەیەکی پۆزەتیڤی هەبێت بەرامبەر پیشە و ڕێکخراوەکەی بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن لە کەمکردنەوەی فشاری کار لەسەری.

بابەتی فشاری کار گرنگی پێدانی لەلایەن توێژەران زیادی کردووە لەماوەی سی ساڵی ڕابردوو، ئەم گرنگی پێدانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامی فشارەکانی کار و شوێنەوارەکانی لەسەر ڕەفتاری کارمەندەکانی و هەڵویست و ئاڕاستەیان بەرامبەر کارەکان و دامەزراوەکەیان (السمادوني ، الربيعة ، فهد، ١٩٩٨ ،١١٥).

فشاری کار بە دەروازەییەك لە دەروازە هاوچەرخەکان دادەنرێت بۆ توێژینەوە لە ڕێکخراوە مۆدێرنەکان لەبواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان. لەبەر ئەوەی ئەم ڕێکخراوانە هەوڵدەدەن لەڕێگەی تواناکانی مرۆڤ ئامانجەکانی بەدی بهێنێ و، مرۆڤ گرنگترین و بەنرخترین ڕەگەزی بەرهەم هێنانە. هەر کەموکوڕییەك کە توشی مرۆڤ دەبێتەوە لە ئەنجامی فشاری کار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردانەوەی دەبێت لەسەر ئەدائی ڕێکخراو ولەسەر توانای بۆ خۆگونجاندنی لەگەڵ ژینگەی گۆڕاو و گرەنتی مانەوەو بەردەوامبوونی.( محمد،١٩٩٢ ،٦٩-٩٥)

خوێندنگە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیە وەك پێویستییەکی کۆمەڵگا، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی و، بۆ تێرکردنی ئەم پێویستیە هەڵدەستێ بە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە لەڕێگەی کۆمەڵێك لە تاکەکان (مامۆستایان) کە کاری تێدا دەکەن، لەبەر ئەمە لەوانەیە ئەو تاکانە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك فشار ببنەوە کە لەوانەیە خوێندنگە ئیفلیج بکات لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی. مامۆستا کرۆکی پرۆسەی پەروەردەیە لەبەر ئەو ڕۆڵەی گرنگەی دەگێڕێت لە پرۆسەی پەروەردەدا، ڕۆڵەکانی مامۆستا جۆراوجۆر و ئاڵۆزن لەنێوان ڕۆڵی مەعریفی و هەڵسەنگاندن و کارگێری و، ئەدائی ئەم ڕۆلانەش کاریگەر دەبن بە فاکتەرەکانی کەسایەتی مامۆستاو بونیادی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوەو، پیشەی فێرکردن وەك هەر پیشەیەك پێویستی بە ئاستێکی بەرز هەیە. کۆمەڵێك بارودۆخ و هەڵوێست هەن کە مامۆستایان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە خوێندنگە لەوانە دڵەراوکێ و شڵەژان و ترس و نوشست و تورەیی، ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر حاڵەتی دەروونی و تەندروستی و کاریگەری دەبێت لەسەر ئەدائی کارکردنیان و، لەسەر توانای بەدەستهێنانی ئامانجە ڕێکخراوەییەکان و، زۆربەی دڵەراوکێ وفشارەکانی مامۆستا لەسەرچاوەی پەیوەست بە ئیش و سروشتی ئیشەوە پەیدا دەبێت و هەروەها ژینگەی دەرەکیش کاردەکاتە سەر ڕێکخراوەو تاکەکانی. سەرچاوەکانی فشاری مامۆستا جۆراوجۆرن لەنێوانیان ڕەفتاری خوێندکاران و قەرەباڵغی هۆڵەکانی خوێندن و پەیوەندی زانستی بەها و پیشەکانی، ڕۆڵی نادیار و قورساییە زانستیەکان و لێك تێنەگەیشتن لەنێوان مامۆستاو ئیدارە. ئەمانە دەبنە فشارو ڕووبەڕووی مامۆستا دەبنەوە لە پیشەکەی و تووشی هەڵچوونی دەکات و، لە گرنگترین ڕواڵەتەکانی ئەمەش ئەوەیە کە گرنگی بە خوێندکارەکانی نادات وخەمسارد دەبێت لەڕووی هەستەوە، پاڵنەری نابێت بۆ ئەنجامدانی کاری نموونەیی و ڕێگری لە گۆڕین دەکات و داهێنانی نابێت و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر بەرهەمی مامۆستا بەتایبەتی و بەرهەمی فێرکردن بە گشتی( خضر، محسن خضر، ١٩٩٨، ٨٦-٩٣).

توێژینەوە مەیدانیەکان ئەنجامی دژیەك دەدەن بەدەستەوە لەبارەی کاریگەری هەریەك لە گۆڕاوەکانی پیشە و گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان لەسەر فشاری کار بۆ نموونە "السمادونی والربیعە" لە توێژینەوەکەیان بەناونیشانی "شەکەتی دەروونی لای نموونەیەك لە کارمەندان لە بواری خزمەتگوزاری مرۆیی لەشاری ریاز باس لەوە دەکەن ( السمادونی والربیعە،١٩٩٨،١١٣-١٦٥). بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ڕادەی کاریگەری گۆڕاوە پیشەیی و گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان لەسەر ئاستی فشاری کار چەندە؟

**دووەم: گریمانەکانی توێژینەوە:**

**ئەم توێژینەوەیە هەوڵی گەران بەدوای ئەم گریمانە نەبوونیانە (الفرضیات الصفریة–Null H ) دەدات:**

1. **پەیوەندییەکی نێگەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان تەمەن و فشاری کار.**
2. **پەیوەندییەکی نێگەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان موچەی مانگانە و فشاری کار.**
3. **پەیوەندییەکی نێگەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان ماوەی خزمەت و فشاری کار.**
4. **پەیوەندییەکی پۆزەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان قورسی کارو فشاری کار.**
5. **پەیوەندییەکی پۆزەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان ململانێی ڕۆڵی پیشەیی و فشاری کار.**
6. **پەیوەندییەکی پۆزەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان ئاڵۆزیی ڕۆڵی پیشەیی و فشاری کار.**
7. **پەیوەندییەکی پۆزەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان سروشتی کار و فشاری کار.**
8. **پەیوەندییەکی پۆزەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان دڵنیایی پیشەیی و فشاری کار**

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوە**

**ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:**

1. **ناسینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوە دیمۆگۆافیەکان ( تەمەن، مووچەی مانگانە، ماوەی خزمەت) و فشاری کار لای مامۆستایان.**
2. **ناسینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوە پیشەییەکان( قورسی کار، ململانێی ڕۆڵ، سروشتی کار،دڵنیایی پیشەیی) و فشاری کار لای مامۆستایان.**
3. **دۆزینەوەو دەرخستی ئەو گۆراوەی کە زۆرترین کاریگەری هەیە لەسەر فشاری کار، ئایا گۆراوی پیشەییە یان گۆراوی دیمۆگرافی.**

**چوارەم: گرنگی توێژینەوە**

**لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی باش لە توێژینەوەی مەیدانی لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا لەبارەی فشاری کار بەڵام ئەم بابەتە لای توێژەرانی کورد بگرە، ئەگەر هەشبێت ژمارەکەی کەمە ئەمە بەتایبەتی لە دەڤەری راپەرین (قەڵادزێ). بۆ نموونە هەندێك لە توێژەران هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ نوێی سەردەمەکە لە چالاکی ڕێکخراوە فەرمییەکان. بۆیە ئەمە زیادەیەکی نوێیە بۆ سەر کتێبخانەی کوردی کە نموونەی ئەم جۆرە توێژینەوە مەیدانیانە کەمە لە شارۆچکەی قەڵادزێ. لە گرنگیەکانی ئەم توێژینەوەیە سەرچاوەیەکی زانیارییە بۆ توێژەران و گرنگی پێدەرانی واقعی زانستی ڕێکخراوە پەروەدەییە جیاوازەکان. لەمیانەی کۆکردنەوەی داتاکان لەبارەی گرنگترین گۆڕاوە دیمۆگرافی و گۆڕاوە پیشەییەکان کە کاردەکەنە سەر فشاری کار لای مامۆستایان و، سەرچاوەکانی لە ژینگەی کوردی. بۆ ئەوەی یارمەتی ئیدارەی پەروەردە بدات بۆ زانینی ئەو فاکتەرە کارتێکەرانەی کە کاردەکەنە سەر فشاری کار وپاشان دانانی ستراتیجیەتی گونجاو و ئامادەکردنی کەش و هەوایەکی ڕێکخراوەیی و پەروەردەیی گونجاو بۆ مامۆستا، بۆ ئەوەی زاڵبن بەسەر ئەو فشارەی کە لە کاردا ڕووبەروویان دەبێتەوە. شتێك کەوا لە هەستی مامۆستا بکات کە خوێندنگە بەماڵی خۆی بزانێت و ئینتیمای**

بۆی هەبێت ئەمەش دەبێتە هۆی ڕازیبوونی مامۆستا لە کارەکەی دواتر زیادبوونی توانای بەرهەمداری لە کارەکەی.

کەرتی فێرکاری پشت دەبەستێت بە کارامەییەکی بەرز لەبەر ئەوە ئەو کەسانە هەڵدەبژێردرێن بۆ کارکردن لەناو ئەو ڕێکخراوە فەرمیانە کە پشت ئەستورن بە باکگراوەندی زانستی و پسپۆرن لەبوارەکەی خۆیان. ئەم شارەزاییە تایبەتیەی کارمەندەکان گرنگی دراسەی گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی مامۆستایان لە لایەك و، گۆڕاوە پیشەییەکان لەلایەکی ترەوە وەك دیاریکەری فشارەکانی کار لە کەرتی فێرکاری ڕوون دەکاتەوە.

## چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### یەکەم: چەمکەکان توێژینەوە و مۆدەلەکانی فشار

١. فشاری کار: چەمك و سەرچاوەکان

ژمارەیەکی زۆر لە توێژەران هاوڕان لەسەر دیاریکردنی مانای فشاری کار بەوەی کە ئاماژە بە هەڵوێستێك دەکات کاتێك گونجان لە نێوان تاك و پیشەکەی نیە، ئەمەش کاریگەری دروست دەکات لەسەر ناخی تاك و دەبێتە هۆی دروستکردنی ناهاوسەنگی دەروونی و جەستەیی لەناخی تاك، بەو پێ یەی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی تاك و تایبەتمەندییەکانی پیشە ڕۆڵی گرنگیان هەیە لەڕوودانی فشارو هەست پێکردنی، هەورەها پێناسە کراوە بەوەی" ئەزموونێکی خودییە کە دەبێتە هۆی ڕوودانی نارێکی دەروونی یان ئەندامی لای تاك ئەمەش بەرهەمی فاکتەرەکانی ژینگەی دەرەکی یاخود ئەو ڕێکخراوەیە کە تاك کاری تێدا دەکات"(سیزلاقی و جی والاس،١٨٠،١٩٩١ ).

(عماد الکحلوت ونصر الکحلوت، ٣٥،٢٠٠٦ ) پێیان وایە فشاری کار بریتیە لە کاردانەوەی مامۆستا بۆ کۆمەڵێك فاکتەری دەرەکی و ناوەکی کە لەوانەیە کاریگەری دەروونی و جەستەیی و ڕەفتاری لای مامۆستا دروست بکات، کە مامۆستا هەستی پێ دەکات وەك هەڵوێستێکی ناخۆش هەڵیدەسەنگێنێ ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر ئەدائی پیشەکەی دەبێت وەك مامۆستا لە خوێندنگە."

ماك گراف Mc Graph (1970, 211) فشار لەڕووی دەروونیەوە پێناسەی دەکات بەوەی کە درککردنی تاکە بە نەبوونی توانا بۆ وەڵامدانەوەیەکی گونجاو بۆ ئەرك و داواکارییەکان. ئەم درککردنە هەڵچوونی نێگەتیڤی لەگەڵدایە وەك توڕەیی و دڵەراوکێ و خەمۆکی و گۆڕانی فسیۆلۆژی وەك پەرچەکردارێکی ئاگادار کردنەوە بۆ ئەو فشارەی کە ڕووبەڕووی تاك دەبێتەوە.

مۆدەڵی کەسی – ژینگەیی (prsonnal-enviromental model) کە هارسۆن و ئەوانی تر(Harrison, et al., 1980) پەرەیان پێداوە کە گرنگی بە کارلێکی نێوان تایبەتمەندییەکانی تاك و تایبەتمەندییەکانی ژینگە داوە لە دروست بوونی فشار، پێیان وایە فشار گەشە دەکات لە ئەنجامی نەگونجانی تاك لەگەڵ پیشەکەی بەمەش فشار دەبێتە تەجروبەیەکی خودی و ناهەوسەنگی دەروونی وفیزیکی لای تاك.ئەمەش لەو فاکتەرانە سەرچاوە دەگرێت کە تاك تێدا کار دەکات یان لە فاکتەرە خودییەکانی لای تاك خۆی سەرچاوە دەگرێ. ( السمادونی والربیعە، ١٩٩٨، ١١٩)

مۆدەلی جبسۆن و ئەوانی تر (Gibson, et al., 1994) مۆدەلێکە پەیوەندی نێوان فاکتەرە جیاوازەکانی فشاری پیشە و شوێنەوارەکانی ئەم فشارە لەسەر کار و کاریگەری تایبەتمەندییە کەسێتی یەکان لەسەر ئەم پەیوەندییە ڕوون دەکاتەوە:

ئەم مۆدەلەش دوو سەرچاوەی سەرەکی لە سەرچاوەکانی فشار لە خۆ دەگرێت:

یەکەم: فشاری پەیوەست بە سروشتی کار و ژینگەکەی و ڕۆلی هەردوو فاکتەرەکە لەوانە:

أ. فشاری پەیوەست بە ژینگەی کاری ماددی: فاکتەرەکانی وەك ژاوەژاو و پلەی گەرمی و ئاو وهەوای پیس دەگرێتەوە.

ب. فشاری تاکی: وەك ململانێی ڕۆل ، ئالۆزی رۆل و بار قورسی زیادە و بارسوکی ( Over load and Under load) لە کارو و سروشتی پیشە، ئەم فشارە پەیوەستە بە پیشە.

ت. فشاری کۆمەلایەتی: وەك پەیوەندی لاواز لەگەل هاوپیشەکانی لە کارو مەرئوسین و بەرێوەبەر.

پ. فشاری رێکخراوەیی: وەك لاوازی لە دیزانی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی (ئاستی جۆراوجۆر یان بچووکی ئیدارە لە هەرەمی ڕێکخراوە) و نەبوونی سیاسەتی دیاریکراو.

دووەم: فشاری پەیوەست بە تایبەتمەندییە کەسێتیەکان وەك سیفەتی ژیری و سۆزداری و جەستەیی (جۆری کەسایەتی مەرکەزی کۆنترۆلکردن و توانا و پێویستیەکانی تاك) هەروەها دیمۆگرافیا کە کاردەکاتە سەر کارلێکی تاك لەگەل فاکتەرەکانی فشار (جمعة،٢٠٠٧، ٤٥-٤٨) .

ئەل سەمادونی (١٩٩٤، ٦٢-١٢٠) مۆدەلیی پرۆسەی فشاری بۆ مامۆستای پەروەردەی تایبەت داناوە کە سەرچاوەکانی فشار بۆ ئەم پیشەیە دەگرێتە خۆی کە دەبێتە هۆی هەست کردن بە ماندوویێتی، سەرباری ئەو شوێنەوارە نێگەتیڤانەی کە ئەم فشارە ڕووبەڕووی مامۆستا دەکاتەوە لەکاتی مومارەسەکردنی پیشەکەیان. ئەم سەرچاوانەشی بە دوو سەرچاوەی سەرەکی دیاریکردووە ئەوانیش:

أ. سەرچاوەی پیشەیی (دامەزراوەیی): وەك ململانێی ڕۆل (Role Conflict) و ئالۆزی ڕۆل ( Role Ambiguity) و بەشداری نەکردن لە بڕیاردان و خۆ ئامادەنەکرنی باش لە لایەن مامۆستاوە کە ئەمەش ناگونجێت لەگەل پیشە، ئەو فشارەی کە دروست دەبێت بەهۆی خوێندکارو تایبەتمەندییەکانیان و، ئەو فشارەی کە بەهۆی خوێندنگەوە دروست دەبێت و نەبوونی سەپۆرتی کۆمەلایەتی چ لەلایەن بەرێوەبەرەوە بێت یان هاوپیشەکانی یان سەرپەرشتیارەوەبێت بۆ کارمەند و دەسکەوتەکانی.

ب. سەرچاوەی کەسێتی یان تاکی: وەك ڕازی نەبوون لە کار و ڕازی نەبوون لە ژیان، سەرباری هەندێك گۆڕاوی دیمۆگرافی وەك تەمەن و لێهاتووی خوێندنی مامۆستا ڕەگەزو ساڵەکانی خزمەت.

### ٢. ئەو شوێنەوارانەی کە لەئەنجامی فشارەوە دروست دەبێت

ئامارەکان باس لە شوێنەوارەکانی فشار دەکەن بۆ نموونە لە ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نزیکەی ١٠٪ لە کۆی داهاتی نیشتیمانی کە دەکاتە ٥٠٠ بلیۆن دۆلار ساڵانە تێچووی نەخۆشییە جەستەییەکانە چونکە ئەم فشارە کاریگەری لەسەر دروستی دەروونی تاك هەیە (العمری،٢٢،٢٠٠) بەم شێوەیە کاردەکاتە سەر ئاستی ئەدائی

تاك لە كار ودواتر بەرهەمی. زۆربەی توێژینەوەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە پەیوەندییەكی نێگەتیف لەنێوان فشاری كار و ئەدائی پیشەیی هەیە. بەو مانایەی فشاری كار تاكەكان دەوەستێنێ لە بەدەستهێنانی ئامانجەكانی خۆی و ڕێكخراوەكەی. چونكە تاكەكان كاتی خۆیان تەرخان دەكەن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم فشارە. بۆیە توێژینەوەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە فشاری كار فاكتەری سەرەكیە لە زۆربەی كێشەكانی ڕێكخراوەو بە تایبەتی ئەدائی لاوازی و بەجێهێشتنی كار و شەرانگێزی(جرینبرج ، جیرالد ،بارون،٢٠٠٩، ٢٥٧). لە ئاڕاستەیەكی پێچەوانەدا هەندێك لە توێژەران وای دەبینن كە بڕێكی گونجاو لەفشاری كار دەتوانێ ژیانی مامۆستا بوروژێنێ بۆ ئەوەی هەست بە چێژ و نوێ بوونەوە و گۆڕیین و بەرنگاربوونەوە بكات (حسن، ٢٠١٣، ٢١٤).

**دووەم: توێژینەوەكانی رابردوو**

خودی سروشتی كار ( work – Related Causes of Stress ) شێوەی جیاواز لە فشار دروست دەكات و ڕادەی ئەم فشارەش جیاواز دەبێت بە سروشتی كار، ئەلهنداوی لە توێژینەوەكەی بۆ دیاریكردنی پەیوەندی نێوان سروشتی كارو ئەو فشارەی لێوەی دروست دەبێت لە ١٣٠ پیشە، جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە هەندێ پیشە خۆی ئاستێكی بەرز لە فشاری كار دروست دەكات و، هەندێكی تر ئاستێكی نزم دروست دەكات(وفيه أحمد الهنداوي، ١٩٩٤، ١٠١). توێژینەوەكان ئاماژە بە جۆری ئەو كارە دەكەن كە تاك ئەنجامی دەدات و ئەو ئەرك و بەرپرسیارێتیە قورسانەی كە لە خۆی دەگرێت بە دیاریكەرێكی گرنگ دادەنرێن بۆ بڕ و جۆری ئەو فشارەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە. دەركەوتووە ئەوانەی ئیشی ئیداری دەكەن زیاتر ڕووبەڕووی شێوەی جیاوازی فشار دەبنەوە لە ئەندازیار و زانایان هەروەها كارمەندان لە بواری پۆلیسی و پەرستاری و ئاگركوژێنەوەو وانەبێژان وپیاوانی ئیداری. بەهۆی زۆر قورسی كارەكانیان چونكە، بەرپرسیار بوونی مرۆڤ لە تاكەكان سەرچاوەیەكی بەهێزی فشارە وەك لەوەی بەرپرسیار بێت لە شت و مەك (محمد،١٩٩٢، ٨٠).

هنداوی لە توێژینەوەكەی (١٩٩٤، ١٢٣) جەخت لەوە دەكاتەوە كە ستراتیژیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ فشاری كار دركاكردنی تاكەكان جیاوازە بۆ هۆكارەكانی فشار بەپێی سروشتیان بۆ نموونە لە ڕووی تەمەنەوە ئەوانەی كە تەمەنیان بچووكە زیاتر هەست بە فشاری كار دەكەن لەوانەی بە تەمەن گەورەن. مێلچ و ئەوانی تر ( Gmelch, et al., 1994) سەرچاوەی فشاری كار لای كارمەندانی ئیدارەی پەروەردە دەگەڕێننەوە بۆ ژینگەی كار ئەوانەی كە كاری ئیداری دەكەن ڕووبەڕووی فشاری كار دەبنەوە لە هەردوو بواری ئەكادیمی و ئیداری (الخثيلة، ١٩٩٧، ٨٨).

عسكر و عبدالله لە توێژینەوەكەیان بە ناونیشانی "مەودای ڕووبەڕووبوونەوەی كارمەندان بۆ فشاری كار لە هەندێ پیشەی كۆمەڵایەتی وەك (وانەبێژی، خزمەتگوزاری كۆمەڵایەتی، خزمەتگوزاری دەروونی) و پەیوەندی بە گۆڕاوەكانی شارەزایی و ڕەگەزو ڕەگەزنامە و باری كۆمەڵایەتی" هەوڵیان داوە كاریگەری شارەزایی و ڕەگەزو ڕەگەزنامە و باری كۆمەڵایەتی تاك لە پیشەكەی بناسن كە لەوانەیە كاریگەری لەسەر مەودای ئەو فشارە دروست بكات كە لەم چوار پیشەیە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. هەروەها ئەو تاكانەی كە هاوسەرگیریان كردووە زیاتر ڕووبەڕووی فشار دەبنەوە لەوانەی كە سەڵتن بەتایبەتی ئەوانەی خاوەنی پیشەی پەرستاری و خزمەتگوزاری كۆمەڵایەتین.

هەورەها لە توێژینەوەی راچ و ئەوانی تر ( Rasch, et al.,1990) دەرکەوتووە کە جیاوازییەکی ئاماری هەیە بۆ رۆڵی پیشەیی و ئەرکی کار لەنێوان ئەوانەی کاری ئیداری دەکەن و ئەوانەی کاری ئیداری ناکەن لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە تێیدا هەست بە فشاری کار دەکەن.ئەمە لە کاتێکدا کە تاك هەست بکات بەوەی چانسی بەرزبوونەوە و گەشەی وەزیفی لاوازە لەناو ئەو دامەزراوەیەی کە ئینتیمای بۆ هەیە دژی تموحاتەکانیەتی ئەمە سەرچاوەیەکە بۆ فشار و، وا لە تاك دەکات بیر لە داهاتووی پیشەکەی بکاتەوە (الهنداوي، ١٩٩٤، ١٠٢). (عسکر، ١٩٨٨،٧-٥٩) توێژینەوەیەکی لەسەر ٢٤٤ کارمەندی کەرتی بانکی لە ولاَتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو کردووە. لە دیاترین ئەنجامەکانی ئەوەیە کە بڕی کار و گەشە و پێشکەوتنی پیشەیی و جۆری کار و رۆتنیەت، کە تەحکوم بە ڕێڕەوی کار دەکەن و، نەبوونی ئازادی تەواوی کارمەند لە کاتی موماریسەکردنی پیشەکەی و ململانێی ڕۆڵ و ئاڵۆزییەکەی لە گرنگترین فاکتەرەکانی دروستبوونی فشارن لای ئەو کارمەندانە.هەروەها لە یەکێك لە توێژینەوەکان کە لەسەر کارمەندانی ڕێکخراوێك کراوە دەریدەخات کەوا ئاڵۆزی ڕۆل و نەبوونی زانیاری تەواو و پەیوەست بە پیشەکەی نموونەی سەرچاوەی فشاری کارن(وفيه أحمد الهنداوی، ١٩٩٤، ١٠١). لە توێژینەوەکەی ئەلرەبیعە (السمادوني والربيعة، الإنهاك النفسي، ١٩٩٨، ١٨) کە لەسەر (٥٨) ڕێنماییکاری دەروونی کە کار دەکەن لە نەخۆشخانە دەروونیەکان ئەنجامدراوە، توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هەندێك گۆڕاوی دیمۆگرافی وەك ئاستی خوێندن و باری کۆمەلایەتی و ساڵانی خزمەت و تەمەنی ڕێنماییکار و قورسی کار و ئاڵۆزی ڕۆڵ و بەشداری نەکردن لە بڕیاردان و هەموو ئەو فاکتەرانە گرنگن لە هەست کردن بە هیلاکی دەروونی ڕێنمایکار. هەروەها ئێجەرتۆن (Edgerton, 1977 ) جەخت لەسەر ئەرك و ڕوڵە جۆراوجۆو دژ یەکەکان دەکاتەوە کە مامۆستا ئەنجامی دەدات و دەبێتە هۆی شڵەژان و دڵەراوکی و فشار (عسکر وجامع و الأنصاري، ١٩٨٦، ١٨).

کاپلان (Caplan, 1978) توێژینەوەیەکی ئەنجامداوە بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان قورسی کار و ئاستی فشار، دەرکەوت کە پەیوەندیەکی پۆزەتیڤ لەنێوان ئەم دوو گۆڕاوە هەیە. بەو پێیەی چەند قەبارەی قورسایی کار زیاد بێ لەو کارەی کە تاك ئەنجامی دەدات هێندە ئاستی فشارەکەی بەرز دەبێتەوە. (الهنداوي، ١٩٩٤، ١٠١) دوعا ( Dua, 1994) (الخثيلة، ١٩٩٧، ٨٨) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سەرچاوەکانی کار جۆراوجۆرن لەوانە گرنگی پیشەو قورسی کارو پەیوەندی نێوان هاوپیشەکان و بارودۆخی کار. هەورەها توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەوا پەیوەندییەکی نێگەتیڤ لەنێوان فشاری کارو تەمەن هەیە، بەو پێیەی ئەوانەی کە تازەن لە پیشەکانیان زیاتر هەست بە فشار دەکەن. هەروەها پەیوەندییەکی نێگەتیڤ هەیە لەنێوان ئاستی وەزیفی و فشار. لۆرتی( Lortie, 1975 ) لە توێژینەوە کۆمەلایەتیەکەی لەبارەی پیشەی وانەبێژییەوە هۆکاری سەرەکی فشاری کار دەگەرێتەوە، بۆ قورسی پیشەکە کە دەبێتە هۆی نەبوونی کاتێکی تەواو بۆ تەرکیز خستنە سەر پیشە سەرەکیەکەی ( عسکر و جامع و الأنصاري، ١٩٨٦، ٦٥-٨٧). ئادەمسۆن (Adamson, 1975) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەرپرسیارێتی زیاد و قورسی پیشە یەك لە هۆکارە سەرەکیەکانی فشارە لای مامۆستایان لە دامەزراوەیی فێرکاری (عسکر وآخرون،١٩٨٦، ١٨).

براید ( McBride, 1983 ) پێی وایە سەرچاوەکانی فشار جۆراوجۆرن و گرنگترینیان قەرەباڵغی خوێندنگە و ئەرکی زیادو کەمی مووچە و پەیوەندی دژ بەیەك لەگەڵ لایەنی بەرپرسە، هەر کاتێك قەبارەی

خوێندنگە زیاد بێت بەیەکداداان لە نێوان پابەندی (روابط) کەسی روودەدات و بۆشایی دەکەوێتە نێوان مامۆستا و ئیدارە. هەروەها کێشەی هەماهەنگی و چاودێریکردن زیاد دەبێت، دواتر پرۆسەی بریادان زەحمەت دەبێت (محمد، ١٩٩٢، ٧٩) .

لورنس لە توێژینەوەکەی بەناونیشانی "فشاری کار لای مامستایانی قۆناغی بنەرەتی و سەرچاوەو هەڵچوونە دەروونی و نێگەتیفەکان لای نموونەیەك لە مامۆستایانی خوێندنی بنەرەتی لە خوێندنگەی سەرەتایی وئامادەیی بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٨٧-١٩٨٨ "باس لەوە دەکات کە زۆربەی مامۆستایان دەناڵنن بە دەست فشاری کار و ڕووبەڕووی هەڵچوونی دەروونی نێگەتیفی وەك دڵەراوکێ و نەبوونی سەپۆرت و نائاسودەیی دەبنەوە. لە توێژینەوەکە سێ ڕەهەندی گرنگی فشار دەرکەوت ئەوانش زۆری ژمارەی خوێنکاران لە قوتابخانەکان و خراپی بینایەی خوێندنگە و کێشەی گەشەی پشەیی مامۆستا و کێشەی پەیوەست بە خوێندکاران. جگە لەوەش مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی پلەی هەستکردنیان بە فشاری کار زۆر بەرز بووە ژمارە کاتژمێرەکانی وانەگووتنەوەیان زۆر بووە. هەورەها ئەوانەی تازە دەرچوون یان ئەوانەی تەمەنیان بچووکە زیاتر هەستیان بە فشار کردووە (بسطا، ١٩٨٨، ٣٩-٨٥).

توێژینەوەی ئاپکۆچ (Apkkoch, 1982 et al.) ئاماژە بە جیاوازی نێوان تاکەکان دەکات لە ئاستی هەست کردن بە فشاری کار بەپێی گۆراوی تەمەن و شارەزایی ئاستی وەزیفی بۆ هەر تاکێك (الخثیلة، ١٩٩٧، ٨٨ ). عەسکر و ئەوانی تر(عسکر و جامع و الأنصاري، ١٩٨٦، ٦٥-٨٧) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە زۆرترین توێژ کە ڕووبەڕووی سوتانی دەروونی(احتراق النفسي) دەبنەوە بەهۆی فشاری کارەوە مامۆستایانی کوێتین بەتایبەتی ئەوانەی سالآنی شارەزاییان لەنێوان (٥-٩) ساڵیە. هەروەها عبداللە و عبدالرحیم لە توێژینەوەکەیان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ململانێی ڕۆڵ و ئاڵۆزیی رۆڵ و داهاتی مانگانە و ساڵانی خزمەت سەرچاوەی فشارن بۆ ئەو مامۆستایانە.( العبدالقادر و المیر،١٩٩٦، ٣٣٠)

بە پوختی دەردەکەوێت کە دیاردەی فشار گرنگیەکی زۆری پێدراوە لە لایەن توێژەرانەوە لە بواری جیاواز و، وا تێبینی دەکرێت ئەو توێژەرانە هەریەکە گرنگی داوە بە لایەنێك لە گۆڕاوەکان، هەندێکیان جەختیان لەسەر کاریگەری گۆڕاوە پیشەیەکان کردۆتەوە هەندێکی تریان لەسەر گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان. بەڵام توێژینەوەیەکی دیاریکراو نەکراوە کە جەخت لەسەر گۆراوێك بکاتەوەو بڵێ ئەوەیان لەوەی تریان بەهێزترە، کە ئایا دیمۆگرافیە یان وەزیفیە. بەڵام هەندێك لە توێژەران هەوڵیان داوە جیاوازی ئاستی فشار لای کارمەندان بەپێی گۆراوە دیمۆگرافی و پیشەیی یەکان بزانن بەڵام هەوڵی ئەوەیان نەداوە بزانن کە کامە گۆراو بەهێزترە (دیمۆگرافی یان پیشەیی) لەسەر فشاری کار؟ بە دەربرینێکی تر ئەم توێژینەوانە هیچ گۆراوێکیان دیاری نەکردووە کە کامیان کاریگەریان زیاتر یان بەهێزترە لەسەر ئاستی فشاری کار، ئایا گۆراوی دیمۆگرافی یان پیشەیی؟ هەروەك ئەم توێژینەوەی ئێستا.

## ڕێوشوێنە میتۆدیەکانی توێژینەوە

**یەکەم: کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەموو مامۆستایانی خوێندنگە ئامادەییەکانی ناو سەنتەری شارۆچکەی قەڵادزێ دەگرێتەوە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٤-٢٠١٥ کە ژمارەی خوێندنگەکان (١٢) خوێندنگە بوو. پاش هەڵبژاردنی هەرەمەکیانەی توێژەر لە هەر خوێندنگەیەك (١٠) مامۆستای هەڵبژاردووە (١٢×١٠=١٢٠)، کە ژمارەی گشتی تاکەکانی نموونە گەیشتە ١٢٠ مامۆستا. ژمارەی پرسیارنامە گەڕاوەکان گەیشتە ٩٦ پرسیارنامە کە دەکاتە (80%).

**دووەم: گۆڕاوەکانی توێژینەوە**

أ. گۆڕاوی شوێن کەوتە وەك ئاستی فشاری کار کە گریمان دەکرێ مامۆستا ڕووبەڕووی هۆکارو سەرچاوەکانی فشاری دیمۆگرافی و پیشەیی ببێتەوە.

پێوانی فشار کراوە بە بەکارهێنانی پێوەری عەسکر و ئەوانی تر (١٩٨٦) کە پێوەرەکە حەوت ڕەهەندی فشار لەخۆدەگرێ وەك: ڕەفتاری خوێندکار و پەیوەندی مامۆستایان لەگەڵ یەکتر وپەیوەندی مامۆستا لەگەڵ ئیدارە و پەیوەندی مامۆستا بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و تەقدیری پیشەی وانەگووتنەوە وململانێی خودی و نیشانەکانی دەروونی وجەستەیی فشار کە لە هەموو بوارەکان چوار دەستەواژە لەخۆ دەگرێ کە مامۆستا ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە هەر لایەنێك و، کۆی بڕگەکانی پێوەریش ٢٨ بڕگەیە.

وەڵامدانەوەی تاك بۆ بڕگەکان بە هەڵبژاردنی لێتوێژراوە بۆ یەکێك لە وەڵامە گونجاوەکانی پێوەرەکە بە ڕێگەی لیکرتی پێنج پلەیی، کە لە ١بۆ ٥ ئەنجام دراوە . واتە هەر جێگرەوەیەك بەم شێوەیەیە:-

زۆر ناڕازیم=١ ناڕازیم = ٢ نازانم =٣ ڕازیم = ٤ زۆر ڕازیم = ٥

ب. **گۆڕاوی سەربەخۆ:** هەشت گۆڕاو دەگرێتەوە:

١. تەمەن: کە بە پرسیارێکی کراوە بۆ تەمەنی لێتوێژراو پێوانە کراوە( تەمەنت چەندە؟....).
٢. مووچەی مانگانە: کە بە پرسیارێکی کراوە بۆ موچەی لێتوێژراو پێوانە کراوە( موچەی مانگانەت چەندە؟ .....).
٣. خزمەت لەبواری فێرکردن: کە بە پرسیارێکی کراوە بۆ ماوەی خزمەتی لێتوێژراو پێوانە کراوە( خزمەتت لەبواری فێرکردن چەندە؟...).
٤. قورسایی کار: مەبەست لێی ئەوەیە کاتێك داوا دەکرێت لە مامۆستا هەڵسێت بە ئەنجامدانی کاری زۆر و جیاواز یا کاتێکی تەواوی نیە بۆ ئەنجامدانی.
٥. سروشتی کار: مەبەست لێی مەودای بەکاربردنی گونجاوو باشی تواناکانی مامۆستاو بەرپرسیارێتیەکانی دیکەیەتی.
٦. دڵنیایی پیشەیی: مەبەست لێی سنورداریێتی پلە بەرزبوونەوەو گەشەی وەزیفیە.
٧. ململانێی ڕۆڵی پیشەیی: مەبەست لێی ئەوەیە کاتێك مامۆستا تووشی ژمارەیەك ململانێ دەبێتەوە لە پێشبینی ڕۆڵ لە کارەکەی.

٨. ئاڵۆزی ڕۆڵی پیشەیی: فەراهەم نەبوونی زانیاری ڕوون و گونجاو لای مامۆستا لەو ڕۆڵەی لێی داوا دەکرێت.

پێوانی گۆڕاوی قورسی کار و سروشتی کارو دڵنیایی پیشەیی بە بەکارهێنانی پێوەری ئەلهنداوی(وفية أحمد الهنداوي: ١٩٩٤، ١٢٥) بۆ سەرچاوەکانی فشاری کار دوای چاککردنێکی کەم لە هەندێ برگە کە لەمانە پێکهاتووە :

یەکەمیان قورسی کار: پێك دێت لە بڕگەکانی ژمارە (٣١،٣٠،٢٩).

دووەمیان: سروشتی کار: پێك دێت لە بڕگەکانی ژمارە (٣٤،٣٣،٣٢).

سێیەمیان: داهاتووو دڵنیایی پیشەیی پێك دێت لە بڕگەکانی ژمارە (٣٧،٣٦،٣٥)

بەڵام گۆڕاوی ململانێ ڕۆڵ و ئاڵۆزی ڕۆڵ تەنها لەڕێگەی ئەم بڕگانەی خوارەوە (عسكر: ١٩٨٨، ٣٧) پێوانە کراوە:

یەکەم: ململانێی ڕۆڵی پیشەیی:(بڕگەکانی ژمارە ٤٠،٣٩،٣٨).

١. پێویستە هەندێك چالاکی ئەنجام بدەم کە لەو باوەڕەدام هەڵەیە.
٢. کارکردن لەژێر سێبەری سیاسەت و ڕێنمایی دژ بەیەك.
٣. دەبێت ئەو شتانە بکەم کە پێچەوانەی پرەنسیبەکانی کەسایەتین.

دووەم: ئاڵۆزی ڕۆڵ ( بڕگەکانی ژمارە ٤١، ٤٢، ٤٣)

١. لەسنوری دەسەڵاتی ئەو پیشەیەی ئێستام دڵنیا نیم.
٢. پیشەکەم ئامانجەکانی روون و دیاریکراو نین.
٣. لە بەرپرسیارێتیەکانی پیشەکەم دڵنیا نیم.

### سێیەم: ڕاستگۆیی و جێگیریی پرسیارنامە

تویژەر بۆ دەرهێنانی راستگۆیی پرسیارنامە ئەم ڕێگایەی بەکارهێناوە:

**راستگۆیی ناوەرۆکی** (Methods of Internal Consistency Reliability)

پلەی ڕاستگۆیی فۆرمی پرسیارنامەکە لەخۆ دەگرێت لە میانەی فاکتەرەکانی جێگیریی لەسەر بنەمای بوونی پەیوەندی و پەیوەستیەکی بەهێز لە نێوان ڕاستگۆیی ئامرازو جێگیرییەکەی، ئەگەر پێوەر راستگۆ بێت ئەوا هەمیشە جێگیر دەبێت بۆ دڵنیابوون لەمەش و بەمەبەستی پێوانی فاکتەری جێگیریی پێوانەی فشاری کارو پێوانەی سەرچاوەکانی فشار ئەوانیش قورسی کار، ململانێی ڕۆلی پیشەیی، سروشتی کار،دڵنیایی پیشەیی، ئاڵۆزیی ڕۆڵی پیشەیی کە فاکتەرەکانی جێگیریی بۆ بڕگەکانی پرسیارنامەکە دەرهاتووە کە دەکاتە (٠.٨٧). ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە پێوەرەکە خاوەنی پلەیەکی بەرزو پەسندە لە جێگیریی، بە پێی هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ (Cronbach-Alpha) و، دوای ئەمە جێبەجێ کردنی ئەم هاوکیشەیەی خوارەوە :

ڕاستگۆیی= ڕەگی دووجای جێگیریی.

که دەکاتە ( 0.93) بۆ جێگیری ئەلفا کرۆنباخ و، کە ئەمە دادەنرێت  بە فاکتەرێکی بەرزو دڵنیاکەر لە هاوسەنگی گشتی بۆ هەڵسەنگاندنی فاکتەرەکانی ڕاستگۆیی.

## شیکردنەوەی داتاکان و خستنەرووی ئەنجامەکانی توێژینەوە

بۆ شیکردنەوەی داتاکان توێژەر شێوازی شیکردنەوەی (Multiple Regression) ی بۆ داتا دیمۆگرافیەکان لە هەنگاوی یەکەم (هاوکێشەی ١) بەکارهێناوە بۆ دیاریکردنی ئەم گۆڕاوانە. لە هەنگاوی دووەم (هاوکێشەی ٢) کە تەدخولی گۆڕاوە پیشەییەکان لەگەڵ گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان کراوە بۆ دیاریکردنی گرنگی ڕێژەی کاریگەری هەریەك لەم گۆڕاوانە لەم دوو کۆمەڵەیە و لە ڕاڤەکردنی ڕێژەی جیاوازی گۆڕاوی شوێن کەوتە(beta).

**یەکەم: تایبەتمەندییە دیمۆگرافیەکانی نموونە**

خشتەی ژمارە (١) بە ڕێگایەکی پوخت ئەنجامەکان دەخاتەڕوو، لە خشتەکەدا دیارە کە زۆرینەی تاکەکانی نموونە (94.8%) بڕوانامەی زانکۆیی بکالۆریۆسیان بەدەست هێناوە، لەکاتێدا لە (3.1%) بڕوانامەی دبلۆمیان بەدەست هێناوە، لە (2.1%) بڕوانامەی ماجستێریان بەدەست هێناوە. هەروەها خشتەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە خێزاندارن  کە دەکاتە (74.0%) لەکاتێکدا ڕێژەی ئەوانەی سەڵتن دەکاتە (26.0%). ئەوانەی  کە تەمەنیان لە نێوان (٣٠-٣٤) ساڵانە ڕێژەیان (39.6%) و ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (٢٥-٢٩) ساڵانە ڕێژەیان (38.5%) و ئەوانەی تەمەنیان (٣٥-٣٩) ساڵانە دەکاتە ( 12.5%) و ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (٤٠-٤٤) ساڵانە  لە (2.1%) نموونەکە پێکدەهێنن، ئەوانەی تەمەنیان لە (٤٥) ساڵ زیاترە دەکاتە (2.1%). هەروەك لە خشتەکە ڕوون دەبێتەوە کە زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە مووچەی مانگانەیان لەنێوان (999999-700000) هەزار دینارە بە ڕێژەی (77.1%) هەروەها ئەوانەی مووچەیان لەنێوان (400000 – 699999) ڕێژەیان دەگاتە (13.5%)و، ئەوانەی مووچەکەیان کەوتۆتە نێوان (1000000 – 1299999) ڕێژەیان دەگاتە (7.3%) و، ئەوانەشی کە مووچەکەیان لە نێوان (1300000– 1699999) ڕێژەیان تەنها دەکاتە(2.1%).

**خشتەی ژمارە (١)**

**تایبەتمەندییە دیمۆگرافیەکانی نموونە**

| گۆڕاوەکان | ژمارە | % |
|---|---|---|
| تەمەن | | |
| کەمتر لە ٢٥ ساڵ | 5 | 5.2 |
| لە ٢٥ بۆ ٢٩ ساڵ | 37 | 38.5 |
| لە ٣٠ ب ٣٤ ساڵ | 38 | 39.6 |
| لە ٣٥ بۆ ٣٩ ساڵ | 12 | 12.5 |
| لە ٤٠ بۆ ٤٤ ساڵ | 2 | 2.1 |
| ٤٥ ساڵ زیاتر | 2 | 2.1 |
| کۆی گشتی | ٩٦ | ١٠٠ |

| ماوەی خزمەت لە بواری فێرکردن | | |
|---|---|---|
| کەمتر لە ٥ ساڵان | 27 | 28.1 |
| لە ٥ بۆ کەمتر لە ١٠ ساڵان | 44 | 45.8 |
| لە ١٠ بۆ کەمتر لە ١٥ ساڵان | 20 | 20.8 |
| لە ١٥ بۆ کەمتر لە ٢٠ ساڵان | 4 | 4.2 |
| لە ٢٠ بۆ کەمتر لە ٢٥ ساڵان | 1 | 1.0 |
| کۆی گشتی | ٩٦ | ١٠٠ |
| مووچەی مانگانە | | |
| 699999 – 400000 | 13 | 13.5 |
| 999999-700000 | 74 | 77.1 |
| 1299999 – 1000000 | 7 | 7.3 |
| 1699999 –1300000 | 2 | 2.1 |
| کۆی گشتی | 96 | ١٠٠ |
| پلەی خوێندن | | |
| دبلوم | 3 | 3.1 |
| بکالوریوس | 91 | 94.8 |
| ماجستێر | 2 | 2.1 |
| کۆی گشتی | 96 | 100.0 |
| باری هاوسەرگیری | | |
| خێزاندار | 71 | 74.0 |
| سەڵت | 25 | 26.0 |

خشتەی ژمارە (٢) ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری هەموو گۆڕاوەکانی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە و، ڕوونی کردۆتەوە کەوا لادانی پێوەری هەموو گۆڕاوەکان کەمترە لە ناوەندە ژمێرەیی ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە نموونەی توێژینەوەکە، بەشێوەیەکی سروشتی دابەشبووە و، ئەمەش سوود بەخشە لەوەی کە زانیاری بەکارهاتوو لە توێژینەوەکە یەکێك لە مەرجە سەرەکیەکانی بەکارهێنانی ( Multiple Regression Analysis) بەجێگەیاندووە.

**خشتەی ژمارە (٢)**

**ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری گۆڕاوەکانی توێژینەوە**

| گۆڕاوەکان | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | N |
|---|---|---|---|
| فشاری کار (٢٨ دەستەواژە)* | 87.42 | 16.045 | 96 |
| قورسی کار (٣ دەستەواژە)* | 9.48 | 2.843 | 96 |
| سروشتی کار(٣ دەستەواژە)* | 9.55 | 3.122 | 96 |
| دڵنیایی پیشەیی(٣ دەستەواژە)* | 8.78 | 2.814 | 96 |
| ململانێی ڕۆڵ (٣ دەستەواژە)* | 9.22 | 2.568 | 96 |
| ئاڵۆزی ڕۆڵ (٣ دەستەواژە)* | 10.08 | 2.690 | 96 |
| تەمەن | 30.77 | 4.721 | 96 |
| مووچەی مانگانە | 7.18 | 3.920 | 96 |
| ساڵانی خزمەت لە بواری فێرکردن | 809184.9 | 175147.2 | 96 |

**دووەم: تاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوە**

شیکردنەوەی (Multiple regression) بەکارهاتووە، کە جەختی لەسەر بەراوردکردنی ڕێژەی جیاوازی ڕاڤەکراو کردووە (R-Square) لە هەنگاوی یەکەم لەگەڵ ڕێژەی جیاوازی ڕاڤەکراو لە هەنگاوی دووەم و، کە لە هەنگاوی یەکەم گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان و، لە هەنگاوی دووەم گۆڕاوە پیشەییەکان بەکارهاتووە و، ئەمەش بۆ ئەوەی مەودای کاریگەری هەر یەك لەم گۆڕاوانە بەتەنها و بەشداریان بە یەکەوە بزانین لە ڕاڤەی جیاوازی ئاستی فشاری کار لای تاکەکانی نموونە.

**خشتەی ژمارە (٣) Multiple Regression هەنگاوی یەکەم ( گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان)**

| گۆڕاوە سەربەخۆکان | بەهای (Beta) | بەهای T. Test | ئاستی ئاماژەی ئاماری |
|---|---|---|---|
| تەمەن | 3.715 | 6.498 | ٠.٠٥< |
| خزمەت لەبواری فێرکاری | -5.235 | -5.495 | ٠.٠٥< |
| مووچەی مانگانە | ٠.٠٠٠٠٧٠ | 3.127 | ٠.٠٥< |
| ڕێژەی جیاوای ڕاڤەکراو (نسبە التباین المفسرە) (R-Square) =٠.٩٦٢ | | | |

**خشتەی ژمارە (٤) Multiple regression هەنگاویدووەم ( گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان+ گۆڕاوەپیشەییەکان**

| گۆڕاوە سەربەخۆکان | بەهای (Beta) | بەهای T. Test | ئاستی ئاماژەی ئاماری |
|---|---|---|---|
| فورسی کار | 2.186 | 3.471 | ٠.٠٥< |
| سروشتی کار | 1.183 | 2.150 | ٠.٠٥< |
| داهاتوو و دڵنیایی پیشەیی | 2.767 | 4.423 | ٠.٠٥< |
| ململانێی رۆڵی پیشەیی | 2.457 | 3.687 | ٠.٠٥< |
| ئالۆزی رۆڵی پیشەیی | 2.735 | 4.968 | ٠.٠٥< |
| تەمەن | 1.053 | 3.173 | ٠.٠٥< |
| خزمەت لەبواری فێرکاری | -0.724 | -1.232 | >٠.٠٥ |
| مووچەی مانگانە | 5.235E-007 یەکسانەبە = ٠.٠٠٠٠٠٠٥٢٣٥ | .041 | ٠.٠٥> |
| ڕێژەی جیاوازی ڕاڤەکراو (R-Square ) = ٠.٩٩ | | | |

لەو زانیاریانەی کە لە هەردوو خشتەی (٣،٤) ی سەرەوەدا هاتووە تێبینی دەکرێت کەوا ڕێژەی جیاوازی ڕاڤەکراو،(R-Square) لە هەریەك لە هەنگاوەکان جیاوازە بە جیاوازییەکی کەم. لە هەنگاوی یەکەم ڕێژەی جیاوازی ڕاڤەکراو گەیشتۆتە (0.96)، بەو مانایەی کە هەموو گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان بەیەکەوە لە هەنگاوی یەکەم ڕاڤەکردنەکە بە نزیکەی( %96.2) بریتی یە لە جیاوازی ئاستی فشاری کار لای تاکەکانی نموونە، لەکاتێکدا دەبینن ئەم ڕێژەیە گۆڕاوە بە گۆڕانێکی کەم لە هەنگاوی دووەم، کە لە کاتی ئیدخالکردنی گۆڕاوە پیشەییەکان، ئەم ڕێژەیە بەرزبۆتەوە بۆ 0.99 ، بەو واتایەی هەموو گۆڕاوەکانی(دیمۆگرافی و پیشەیی) گۆڕاون بە گۆڕانێکی کەم لە هەنگاوی دووەم کە ڕاڤە دەکرێت بە نزیکەی (99%) لە جیاوازی ئاستی فشاری کار لای تاکەکانی نموونە. بە تێڕوانین لە خشتەی ژمارە(٤) کە بەهای فاکتەری (beta) بۆ گۆڕاوە پیشەییەکان(داهاتوو و دڵنیایی پیشەی، ئالۆزی ڕۆڵی پیشەیی، ململانێی ڕۆڵی پیشەیی، فورسی کار، سروشتی کار) ئاماژەیە بۆ ڕێژەی

کاریگەریان لەسەر فشاری کار کەلەوانی تر بەهێزترە. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ گۆڕاوە پیشەییەکان پێش گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان دەکەون بەرێژەیەکی کەم وەك سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی فشاری کار.

لە خشتەی ژمارە (٤) ڕێگەی ئاماری ( Multiple regression) بەکارهێراوە بۆ ئەوەی بتوانین پەیوەندی نێوان هەریەك لە گۆڕاوە سەربەخۆکان دیاری بکەین و، هەروەها گۆڕاوە شوێنکەوتەکانیش دوای کۆنترۆڵکردنی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکانی تر. ئەو زانیارییانەی کە لە خشتەی ژمارە(٤) هاتوون پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەمانەن ( تەمەن و مووچەی مانگانە و خزمەت و داهاتوو و دڵنیایی پیشەی و ئاڵۆزی ڕۆڵی پیشەیی و ململانێی ڕۆڵی پیشەیی و قورسی کار و سروشتی کار)، لەلایەك و فشاری کار لە لایەکی ترەوە.

ئەگەرچی جیاوازی بەهای فاکتەری (beta) بۆ گۆڕاوەکان ئاماژە بە ڕوودانی جیاوازی لە هێزی کاریگەری ڕێژەیی دەکەن بۆ ئەو گۆڕاوانە لە پەیوەندییان بە فشاری کار. لەبەر ئەوەی هەر پێنج گۆڕاوە پیشەییەکە بەهێزترین گۆڕاون کە کاریگەرییان لەسەر فشاری کار هەیە. بەهای فاکتەری (beta) بۆ گۆڕاوی داهاتوو و دڵنیایی پیشەیی بریتی یە لە (2.767) ، بۆ ئاڵۆزی ڕۆڵی پیشەیی(2.735) ، بۆ ململانێی ڕۆڵی پیشەیی(2.457) ، بۆ قورسی کار(2.186) و، سروشتی کار(1.183) کە بەهێزترین گۆڕاون کاریگەریان لەسەر فشاری کار هەیە و، لە ڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە. پاشان ئەنجامەکان پشتگیری ئەم توێژینەوەیە دەکەن بۆ دروستی گریمانەی چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەم، چونکە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریخست کە پەیوەندییەکی پۆزەتیڤ ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان (داهاتوو و دڵنیایی پیشەی و ئاڵۆزی ڕۆڵی پیشەیی و ململانێی ڕۆڵی پیشەیی و قورسی کار و سروشتی کار) لە لایەك و فشاری کار لە لایەکی ترەوە. بەهەمان شێوە دەریخستووە بەهای فاکتەری (beta) بۆ گۆڕاوەکانی تەمەن (1.053) و گۆڕاوی خزمەت (-0.724) و گۆڕاوی مووچەی مانگانە (٠.٠٠٠٠٠٠٥٢٣٥) کە کەمتر کاریگەرییان هەیە لەسەر گۆڕاوی فشاری کار و ئاماژەدارە لەڕووی ئامارییەوە و، لە هەمان کاتدا ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە پاڵپشتی لە دروستی گریمانەی سێیەم ناکات کە دەڵێت پەیوەندییەکی نێگەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان خزمەت لەلایەك و فشاری کار لە لایەکی ترەوە.

### تاوتوێ کردنی ئەنجامەکانی توێژینەوە و ڕاسپاردەکان

لە ئەنجامەکاندا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە پێنج لە گۆڕاوە سەربەخۆکان کە گۆڕاوەکانی پیشەن (داهاتوو و دڵنیایی پیشەیی، ئاڵۆزی ڕۆڵی پیشەیی، ململانێی ڕۆڵی پیشەیی، قورسی کار، سروشتی کار) پەیوەستدارن بە فشاری کار بە ئاماژەی ئاماری لەئاستی (٠.٠٥) دوای کۆنترۆڵکرنی گۆڕاوە سەربەخۆکانی تر. لەلایەکی تر ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە کۆکە لەگەڵ هەندێك لە ئەنجامی توێژینەوەکانی تر.(السمادونی، ١٩٩٤، ٦٢-١٢٠)، (العبدالقادر والمیر، ١٩٩٦، ٣١٧-٢٢٨)، (الهنداوی، ١٩٩٤، ٨٩-١٣١) هەروەها گۆڕاوە سەربەخۆکانی تر پاڵپشتی لە گریمانەکانی توێژینەوەکە دەکەن. تێبینی دەکەین کە بەهای (beta) بەشداری هەریەك لە گۆڕاوە سەربەخۆکان ڕوون دەکاتەوە لە ڕاڤەکرنی گۆڕان لە هەریەك لە گۆڕاوە شوێنکەوتەکان و، گۆڕاوی دڵنیایی و داهاتووی پیشە لای مامۆستایان بە گرنگترین گۆڕاو دێت لە کارتێکردن لەسەر گۆڕاوی شوێن کەوتە کە بەهای (beta) ی گەیشتە (2.767)، بەو واتایەی هەرکاتێك مامۆستا هەست بە بەرەوپێش چوون و گەشەکردن

نەکات لە دڵنیایی و داهاتووی پیشەکەی ئەوا ئاستی فشاری کار لای زیاد دەکات، دواتر ئاڵۆزی ڕۆڵ بەهای (beta) گەیشتە (2.735)، بەو مانایەی ئاستی فشاری کار زیاد دەبێت هەرکاتێك ئەو ڕۆڵەی مامۆستا پێی هەڵدەستێت ڕوون نەبێت، پاشان ململانێی ڕۆڵ بەهای(beta)ی گەیشتە (2.457)، واتە ئاستی فشاری کار زیاد دەبێت کاتێك مامۆستا هەست بە ململانێ بکات لەو ڕۆڵە پیشەییەی کە پێی هەڵدەستێت، قورسی کار بەهای (beta) ی گەیشتە (2.186)، واتە هەر کاتێك قورسایی کاری مامۆستایان زیاد بێت ئاستی فشاری کار لایان زیاتر دەبێت، ئینجا سروشتی ئەو کارەی مامۆستا بە ئەنجامی دەگەیەنێ لە پیشەی وانەبێژیدا بەهای (beta)ی گەیشتە (1.183)، ئەمەش واتە سروشتی کار کاتێك بەرپرسیارێتی ئەوانی تری تێدا بێ یان پیشەکەی چانسی بەکارهێنانی تواناکانی بۆ نەرەخسێنێت ئەوا ئاستی فشاری کار لای مامۆستا بەرزدەبێتەوە.

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە تاڕادەیەك کۆکە لەگەڵ نموونەکەی جپسۆن و ئەوانی تر (العبدالقادر والمیر: ١٩٩٦، ٣١٨-٣١٩). هەروەها لەگەڵ ئەو نموونەیەی کە السمادونی پەرەی پێدا (١٩٩٤، ٦٢-١٢٠)، بەوەی کە ململانێی ڕۆڵ و ئاڵۆزییەکەی و بارقورسی زیاد بە یەکێك لە سەرچاوە و فاکتەرە گرنگەکانی فشاری کار دەژمێردرێت. هەروەها ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گونجاوە لەگەڵ توێژینەوەکەی عسکر (١٩٨٨: ٧-٥٩) بەوەی کە بڕی کار و گەشە و پێشکەوتنی پیشەیی وجۆری کارو ململانێی ڕۆڵی پیشەیی و ئاڵۆزییەکەی بە گرنگترین فاکتەر و هۆکارەکانی فشاری کار دادەنرێن. بەڵام سەبارەت بە گریمانەکانی تر کە دەڵێت پەیوەندییەکی نێگەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لەنێوان هەریەك لە (تەمەن و مووچە و شارەزایی و ماوەی خزمەت ) لەلایەك و فشاری کار لەلایەکی ترەوە. ئەنجامی توێژینەوەکە ڕوونی دەکاتەوە کە پەیوەندییەکی لاواز هەیە لەنێوان گۆڕاوی خزمەت و مووچە لەگەڵ فشاری کار. بەڵام پەیوەندییەکی پۆزەتیڤ هەیە لەنێوان تەمەن و ساڵانی خزمەت لەگەڵ فشاری کار . هەروەها ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە بەهای فاکتەری (beta) بۆ گۆڕاوەکانی (تەمەن و خزمەت و مووچە) ڕیز بەندییەکەیان پێچەوانەوە دەبێتەوە لە ڕوانگەی بەهێزی کاریگەری ڕێژەیی لاواز لەبواری پەیوەندیان بە فشاری کار. بەو پێیەی گۆڕاوی تەمەن پلەی شەشەم دواتر گۆڕاوی خزمەت لە پلەی حەوتەم و پاشان گۆڕاوی ماوەی خزمەت لە پلەی هەشتەم دێت لەڕووی هێزی کاریگەری ڕێژەیی.

ئەم توێژینەوەیە کۆکە لەگەڵ توێژینەوەکەی ئاپکۆچ (,Apkkoch,1982 et al.) بەوەی کە گۆڕاوی تەمەن و شارەزایی ماوەی خزمەت دەبێتە هۆی جیاوازی لەئاستی هەست کردن بە فشاری کار(هند ماجد الخپیلە: ١٩٩٧: ٨٨) و، کۆکە لەگەڵ توێژینەوەکەی الهنداوی (وفیە أحمد الهنداوی: ١٩٩٤: ٨٩-١٣١) بەوەی کە دەڵێت تاکەکان جیاواز دەبن بە پێی تەمەنیان بۆ هۆکارەکانی فشاری کار بەوەی هەرکاتێك تەمەنی تاکەکان کەم بێت زیاتر هەست بە فشاری کار دەکەن لەو تاکانەی کە تەمەنیان گەورەیە.

هەروەها ئەنجامەکان دەریدەخەن کە ئاستی فشاری کار لای مامۆستایان بەرزە. دەتوانین ئەمە ڕاڤە بکەین بەوەی سروشتی ئەو کارەی مامۆستا ئەنجامی دەدات لەکەرتی فێرکاری وا لە مامۆستا دەکات زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ خوێندکارەکانی بەسەر ببات، ئەمەش وای لێدەکات ڕاستەوخۆ بەردەوام لەگەڵیان بێت بە مەبەستی یارمەتی دانیان، بە چاوپۆشین لەو فشارەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەپێناو جێبەجێکردنی ئەم ئارەزووەی. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گونجاوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (عسکر و عبداللە عسکر وعبداللە: ١٩٨٦، ٦٥-٨٧) بەوەی پیشەی وانەبێژی دادەنرێت بە یەکێك لە پیشە کۆمەڵایەتیەکان کە بەسروشتی خۆی ئاستێکی بەرز لە فشار دروست دەکات، ئەمەش بەهۆی بارقورسی زیاد و بەرپرسیارێتیان بەرامبەر تاکەکان، لەبەرئەوەی

بەرپرسیارێتی تاکەکان سەرچاوەیەکی بەهێزی فشارە بە پلەیەکی زۆر گەورە لە بەرپرسیارێتیان بەرامبەر شتەکانی تر.( لطفي راشد محمد: ١٩٩٢، ٦٩-٩٥) لەوانەیە هۆکاری سەرەکی فشاری کار لای مامۆستایان نەبوونی پێشکەوتن لە داهاتوو و دڵنیایی پیشەیی و بارقورسی بێت چونکە، بەڕۆڵی خۆی دەبێتە هۆی نەبوونی کاتی تەواو بۆ تەرکیزکردن لەسەر پیشەی سەرەکیان. هەست کردنی مامۆستا بەوەی کە چانسی بەرزبوونەوەو بەرەوپێش چوونی پیشەیی لە خوێندنگە لاوازە و دادەنرێت بە سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی ڕووبەڕوو بوونەوەی فشاری کار لەبەر ئەوەی دژی حەزوو تموحاتی مامۆستا و داهاتووی کار و پیشەیەتی.

هەروەها بارقورسی زیاد و ململانێی ڕۆڵی پیشەیی و ئالۆزییەکەی و سروستی پیشە دەبنە هۆی ئەوەی کە مامۆستا زیاتر کاردانەوەی بۆ شپرزەیی و هەڵچوون و فشار هەبێت ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی چالاکی و زیندوویەتی و جۆش و خرۆشی بۆ پیشەی وانەبێژی کە ئەمەش کاردەکاتە سەر دەسکەوتی مامۆستا بەتایبەتی و دەسکەوتی فێرکرن بەشێوەیەکی گشتی.

## ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانین ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕاسپاردە بکەین:

١. فشاری کار لای مامۆستایان لە دامەزراوە فێرکارییەکان لەبەر چاو بگیرێ و کەم بکرێتەوە و، ئەمەش بە جێبەجێ کردنی پرەنسیپەکانی بەرێوەبردنی(الاداره الحديپه) نوێ وەك پرەنسیپی پلەداری دەسەڵات و پرەنسیپی دەرکردنی یەك فرمان و ڕێنیمایی بۆ ئەوەی فرمانەکان دژ یەك نەبن چونکە، ئەمە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ململانێ. لەبەرئەمە پێویستە لەسەر ئیدارەی پەروەردەیی هەندێك ڕێوشوێن بگرێتە بەر کە یارمەتی دەربێت بۆ کەمکردنەوەی ئاستی فشاری کار لای مامۆستایان بۆ نموونە :
   أ. پێدانی بەرپرسیارێتی دیاریکراو بە مامۆستا و بەخشینی زانیاری و سەرچاوەی پێویست بۆ ئەمە.
   ب. ڕانەسپاردنی مامۆستا بە کارێك لەژێر سیاسەتی دژیەك.
   ت. رەخساندنی چانسی بەرزبوونەوەو گەشەی وەزیفی.
   پ. قەرەباڵغی پۆلەکانی خوێندن کەم بکرێتەوە.
٢. پێویستە مامۆستا بە باشی ئامادە بکرێت بەو شێوەیەی بسازێ لەگەڵ سروشتی پیشەی وانەبێژی، لەبەر ئەمە گرنگە ئاستی ئامادەکردنی مامۆستایان لە کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەرەت و پەروەردە بەرز بکرێتەوە، ئاستی بەرز بە تەنها بەرپرس نیە لە دروستکردنی ئاراستەی پۆزەتیڤی مامۆستا بەرامبەر پیشەی وانەبێژی بەڵکو وا ئامادە بکرێت کە فشاری کار و باش هەڵسوکەوت کردن لە ئەستۆ بگرێت لە هەڵوێستە پەروەردەیی و فێرکارییەکان.
٣. توێژەر وای دەبینێ پێویستە ئەنجامدانی ئەم جۆرە توێژینەوانە فراوان بکرێت بۆ پاساندن یاخود دڵنیابوون لە پەیوەندی گۆڕاوەکانی توێژینەوە (دیمۆگرافیا/ پیشەیی) بە فشاری کار کە ناوەندەکانی تری فێرکردن بگرێتەوە وەکو خوێندنی باڵا لە هەر دوو کەرتی گشتی و تایبەتی.

## لیستی سەرچاوەکان


١. العمري ،عبيد عبدالله (١٩٩٨). محددات الولاء التنظيمي في القطاع الصحي الحكومي ، مركز بحوث كلية الآداب، جامعة الملك سعود، ع٧٤.

٢. عبدالله الطجم وطلق السواط(١٩٩٥). السلوك التنظيمي، المفاهيم، والنظريات و التطبيقات ،جدة: دار النوابغ).

٣. السمادوني ، السيد ابراهيم " فهد الربيعة (١٩٩٨). الإنهاك النفسي لدى عينة من المعلمين في مجال الخدمات الإنسانية بمدينة الرياض وعلاقته ببعض المتغيرات، مجلة جامعة الملك سعود، العلوم التربوية و الدراسات الإسلامية،١٠، ع١ .

٤. محمد، لطفي راشد (١٩٩٢). نحو إطار شامل لتفسير ضغوط العمل، وكيفية مواجهتها، الإدارة العامة، ع٧٥.

٥. خضر، محسن خضر (١٩٩٨). الاحتراق النفسي للمعلم العربي، مجلة المعرفة، ع٣٩.

٦. اندرو دي سيزلاقي ومارك جي والاس (١٩٩١). السلوك التنظيمي والأداء، ترجمة جعفر أبو القاسم أحمد ( المملكة العربية السعودية): معهد الإدارة العامة.

٧. المير، عبدالله العبد القادر " عبدالرحيم (١٩٩٦). اختبار العلاقة بين صراع الدور وغموض الدور و الرضا الوظيفي و الصفات الديموغرافية للمهنيين العاملين في مجال الحاسوب في المملكة العربية السعودية: دراسة ميدانية ، المجلة العربية للعلوم الإدارية، ٣، ع٢.

٨. السمادوني ، السيد ابراهيم (١٩٩٤). الإنهاك النفسي لمعلمي التربية الخاصة وتبعاته: دراسة تنبؤية في ضوء بعض المتغيرات الشخصية و المهنية، التربية المعاصرة،" ع٣١.

٩. لهنداوي، وفية أحمد ا (١٩٩٤). استراتيجيات التعامل مع ضغوط العمل، الإداري، ع ٥٨.

١٠. الخثيلة ، هند ماجد (١٩٩٧). مصادر ضغوط العمل كما يدركها العاملون في التعليم العالي، مجلة جامعة الملك سعود، العلوم التربوية و الإسلامية، ٩ ، ع١.

١١. عسكر ، سمير أحمد (١٩٨٨). متغيرات ضغط العمل: دراسة نظرية وتطبيقية في قطاع المصارف بدولة الإمارات العربية المتحدة، الإدارة العامة ، ع٦٠.

١٢. الأنصاري ، علي عسكر " حسن جامع ، محمد (١٩٨٦). مدى تعرض معلمي المرحلة الثانوية بدولة الكويت لظاهرة الاحتراق النفسي، المجلة التربوية، ٣، ع١٠،

١٣. بسطا ، لورنس (١٩٨٨). ضغوط العمل لدى معلمي مرحلة التعليم الأساسي مصادرها والانفعالات النفسية السلبية المصاحبة لها، دراسات تربوية، ع٧.

١٤. يوسف ، جمعة (٢٠٠٧). ادارة الضغوط " ، مركز تطوير الدراسات العليا والبحوث في العلوم الهندسية ، الطبعة الاولى، جامعة القاهرة .

١٥. العمري ، عبيد بن عبدالله (٢٠٠١). بناء نموذج سببي لدراسة تأثير كل من الولاء التنظيمي والرضا الوظيفي وضغوط العمل على الاداء الوظيفي والفعالية التنظيمية ، رسالة ماجستير . جامعة الملك سعود . الرياض ، السعودية .

١٦. جرينبرج ، جيرالد . روبرت بارون (٢٠٠٩). ادارة السلوك في المنظمات ، ترجمة اسماعيل علي بسيوني . دار المريخ للنشر .الرياض ، المملكة العربية السعودية.

١٧. سحراء انور حسن (٢٠١٣). قياس تاثير ضغوط العمل في مستوى الاداء الوظيفي، مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة العدد السادس.

## ضغوط العمل بين المدرسين في المدارس الاعدادية في قضاء قلعةدزة (دراسة ميدانية)

## ملخص البحث

ان الهدف من هذا البحث هو اختبار العلاقة بين المتغيرات الديموغرافية والمتغيرات الوظيفية من ناحية، وضغوط العمل من ناحية اخرى، في الاعداديات التابعة لقضاء قلعةدزة.

ويتكون عينة البحث من (٩٦) ست و تسعين مدرسا تم اختيارهم بشكل عشوائي من مجتمع العينة من مختلف الطبقات، ويتكون الاستبيان المعتمد في هذا البحث من ثلاث اجزاء، (١) مقياس ضغوط العمل، (٢) المتغيرات الوظيفية للمعلمين ( عبء العمل، صراع الدور، غموض الدور، طبيعة العمل، الأمان الوظيفي)، (٣) المتغيرات الديموغرافية (العمر، الراتب الشهري، مدة الخدمة)، تم استخدام الانحدار المتعدد ( **Multiple Linear Regression**) لتحليل البيانات.

واستنتجنا بان وجود علاقة ايجابية ذات دلالة إحصائية المتغيرات الديموغرافية (العمر، الراتب الشهري، مدة الخدمة)، وضغوط العمل، وكان العمر اكثرهم تاثيرا على ضغط العمل.

كما استنتجنا بان العلاقة بين المتغيرات الوظيفية( عبء العمل، صراع الدور، غموض الدور، طبيعة العمل، الأمان الوظيفي)، و ضغوط العمل كانت ايجابية عند المدرسين، وكانت المتغيرات الوظيفية لها تأثير أكثر قليلا من المتغيرات الديموغرافية بطريقة (نسبة التباين المفسرة) للمتغيرات الديموغرافية، وكانت نسبة المتغيرات الديموغرافية (96.2%) والمتغيرات الوظيفية + المتغيرات الديموغرافية كانت نسبتها(99%).

# Job Stress among High School Teachers of Qaladza Town
# (An Applied Study)

This study aims to examine the relationship between demographic variables and professional variables on the one hand and job stress in high schools in Qaladza Town on the other. To achieve the aims of the study, a simple stratified random sample, which consists of 96 participants, and (A Multiple Linear Regression) to analyze the collected data were employed. The questionnaire was composed of three parts:

1. Job stress measurement
2. Teachers' professional variables such as (workload, professional conflict, nature of work, professional assurance).
3. Demographic variables which include: (age, salary, duration of service).

The study concluded that there exists a statistically significant positive relation between demographic variables such as (age, salary, and duration of service) and job stress. Among the demographic variables, age has a lot more effect on job stress than all the other demographic variables. It was also shown that a positive relation exists between professional variables such as (workload, professional conflict, nature of work, and professional assurance) and job stress among high school teachers. Finally, the study revealed that professional variables have a little more effect on job stress than the demographic variables, in a way that the R-square for demographic variables was (96.2%), whereas the R-square for the (professional + demographic) variables was (99%). The study comes to a halt with the recommendation that the educational administration should take bold and immediate steps to help decrease the level of job stress, by assigning specified responsibilities to teachers, not recommending teachers to a task under contradictory policies, providing opportunities for promotion and professional development and lowering the number of students in crowded classes.